


STEP TOGETHER

بۆ ئامۆژگاری و هاوکاریی نهێنیپارێزیی:

**پەیوەندی بکە بە 1800 875 204**

**سەردانی STEPTOGETHER.NSW.GOV.AU بکە**

**لەسەر هێڵی یارمەتیی وەرگێڕان بەردەستە.**

## هاوکاریی سەرەتا دەتوانێت ڕێگە لە خەڵک بگرێت بەرەو توندوتیژیی توندئاژۆ مل بنێن. بزانە چۆن.

پەیوەندی بکە بە **1800 875 204** یان سەردانی **STEPTOGETHER.COM.AU** بکە

NSW GOVERNMENT

**پەیوەندیی بکە**

- @steptogethernsw
- @StepTogetherNSW
- @steptogethernsw
- @steptogethernsw

Kurdish (Sorani)

## ئاگاداری چی بیت

گۆڕانکاریت لە ئازیزانتدا بەدی کردووە؟ ڕەنگە لە جاران زیاتر دوورەپەرێزتر بن، کاتێکی زۆر بەتەنها بەسەر ببەن لەسەر کۆمپوتەر، توندوتیژترن، یان زیاتر لێبووردەییان بەرامبەر ئەوانی دیکە هەیە لە کۆمەڵگەکە.

ئەوانە هەندێک نیشانەن لەسەر کەسێکی ناسراوت کە ڕەنگە پێویستی بە یارمەتی بێت. هەندێک جار خەڵک هەست بەتەنهایی دەکەن یان هەڵە لە شتێک تێگەیشتوون، هەست دەکەن سەر بە کۆمەڵەیەکی توندوتیژن کە ئەوانیش ئەم دۆخناسکییەی ئەم دەقۆزنەوە.

ئەم کۆمەڵانە هانی بەکارهێنانی توندوتیژی دەدەن و پاساوی بۆ دەهێننەوە و بازاڕی بۆ گەرم دەکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی یان ئایدۆلۆژیەکانی خۆیان بەدیبهێنن. ئامانجی ئێمە ئەوەیە خەڵک بەم ڕێگەیەدا نەڕوات.

## ڕۆڵی تۆ بایەخدارە

تۆ باشترینیت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە لە چواردەوری خۆتن و بە ڕێگەیەکی هەڵەدا دەڕۆن.
هەندێک جار زۆر ساکارە، بەڵام تەنها گوێگرتن لە کەسێک ڕەنگە بەس بێت بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسەی بەلاتەوە گرنگە. بە گوێگرتن بەبێ حوکمدان، دەتوانیت یارمەتیی کەسێک بدەیت هەستی ئەوەی لا دروست ببێت کە قبوڵکراوە و جێگەی لە کۆمەڵگەکەدا هەیە، پێش ئەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو کۆمەڵانەدا پەیدا بکات کە پشتیوانیی توندوتیژی دەکەن. بە دروستکردنی ژینگەیەک کە تیایدا هانی گفتوگۆی تەندروست دەدرێت و خەڵک هەست بە ئاسوودەیی بکەن بۆ دەربڕینی ئایدیاکانیان، دەتوانیت پەیوەندیی ئەرێنی برەو پێ بدەیت و ڕێچکەی کەسێک بگۆڕیت کە بەرەو مەترسییەکانی توندوتیژی دەڕوات.



## Step Together لێرەیە بۆ یارمەتیدانت

Step Together هێڵێکی یارمەتی و خزمەتگوزارییەکی پاڵپشتیی دیجیتاڵییە بۆ ئەوانەی بەدوای ئامۆژگاریدا دەگەڕێن کە چۆن پاڵپشتیی ئازیزانیان بکەن و لە تێوەگلان لە توندوتیژی بیپارێزن. لە پانتاییە سەلامەت و نهێنیپارێزەکەمان، کارمەندانی پسپۆڕی هێڵی هاوکاریمان دەتوانیت یارمەتیی تۆ و ئەوانی دیکە بدەن، وە بتگەیەنن بە خزمەتگوزاریی هاوکاریی گونجاو لە کۆمەڵەکەت.

**لە ڕێگەی 1800 875 204 یان سەردانکردنی**
**STEPTOGETHER.NSW.GOV.AU**
**پەیوەندیمان پێوە بکە.**